# هێرشەکەی ئەمەریکا بۆ سەر شاری هەولێر، پوچی " هاوپە یمانیو دۆستایەتی کورد" !

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

**هەردوو حیزبی دەسەلاَتداری کوردستان، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی کەنداوو دواتر بە درێژایی سیاسەتە دژی ئینسانیەکانی ئەمەریکا لەماوەی 12 ساڵدا ئەوپەری پشتیوانی خۆیان کرد لە ئابلوقەی ئابوریو برسیکردنو کوشتنی مندالو پیرسالاَنی عێراقو بۆردومانکردنی ڕۆژانەی ناوچەکانی عێراقو دواتر جەنگی ئەمەریکا بۆ سەر عێراقو داگیرکاریەکەی لەماوەی نزیك بە دووساڵی ڕابوردودا. لەم ماوەیدا وەك دووهێزی پێش لەشکری هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ڕۆڵی گەورەیان گێراوە بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەعێراقو لە راستیدا لەباری سەربازیو موخابەراتیشەوە کۆمەکێکی گەورەیان پێکردووەو ناوچەیەکی فراوانیان لە عێراقدا بۆ پاراستوە(کوردستان)و زۆربەی بۆدی گاردی مقەرەکانی ئەمەریکا لەلایەن ئەم دوو هێزەوە دابینکراوە. لەباری موخابەراتیشەوە چیان لەدەست هاتبێت دریغیان نەکردوە. ئەحزابی کوردی هەروا خۆش مەشەرف بووەو تەنها بەر بەپێی خۆی بینیوەو سیاسەت بەنانی رۆژ خواردن سوننەتو فەرهەنگێکی ڕیشەدارو بەهێزی بزوتنەوەی کوردایەتی بەگشتیو ئەم دوو حیزبە بوە بەتایبەتی.**

**ڕۆژی 4یەکەم مانگی ساڵی تازە، یەکەمین هێرشی ئەمەریکایە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاَتی پارتیو یەکێتیدا. ئەم هێرشە گەرەکێکی هەژار نیشینی ناوەراستی شاری هەولێری گرتەوە، گەرەکی سەیداوا، هەلیکۆپتەر هەستانو تەقەکردن لە بەشی ناوخۆیی قوتابیانی زانکۆو بریندارکردنی 7 خویندکارو نارەحەتی وەزیری ناوخۆیی پارتی لە پەیوەند بەوەی کە هێزەکانی ئەمەریکا " هاوئاهەنگیان لەگەل نەکردونو نەیان هێشتوە کە هێزەکانیان نزیك ئەو شوینە بکەوێتەوە" پێش هەر شتێك ڕیسواکردنو بێئیعتبار کردنی پارتی دیمکراتی کوردستانو هەموو ئەو کارانەیە کە خزمەت بە ئەمەریکا کردویەتیو لە هەمانکاتدا ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ پروپوچی تەواوی ئەو باسو تیزانەی کە ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیو ڕۆشنبیرە کالفامەکانی لە نیو خەلکدا برەویان پیدەدات سەبارەت بە " هاوپە یمانی" و" ئەمەریکا دۆستی کوردە"و" ئەمەریکا ڕیز لەکورد دەگریت" بەناوی " کوردەوە سوپاس کردنی ئەمەریکا"و" ئەمەریکا بۆ رزگارکردنی گەلانی عێراق هاتوە" باسە پوچەکانی لەم چەشنە. ئەم هێرشەی ئەمەریکا مانای سیاسیەکەی چاوسورکردنەوەیەکە لە ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە پەیوەند بە کەرکوكو فیدرالیەتەوە، بەتایبەت کارەکانیان لە نێو شاری کەرکوك، کە لە کۆتایی ساڵی 1993و سەرەتای ساڵی 1994دا چەند جار مقەرەکانیان کەوتە بەر چەککردنو گرتنی بەرپرسەکانیان.**

**ئەم هێرشە بۆ سەر شاری هەولێر و گەرەکی سەیداوا کە گەرەکێکی پر دانیشتوانو زەحمەتکێش نشینەو تەقەکردن لە بەشی ناوخۆییو بریندارکردنی قوتابیان مەحکومەو پێویستە لەلایەن خەڵکی کوردستانو ئازادیخوازانی دنیاوە مەحکومو ریسوا بکرێتو بکەوێتە بەردەم ناڕەزایەتیو تورەیی خەڵکی کوردستانەوە. بەلاَم پەیوەندی نێوان پارتیو یان هەردوو حیزبی دەسەلاَتداری کوردستانو ئەمەریکا، ئەمەیان ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی هەردوو حیزب لێی بەرپرسیارەو پێویستە خۆیان باجەکەی بدەنەوە. ئەوان عادەتیانە کە پێش لەشکری بۆ دەوڵەتێك بکەنو چاوەڕێی پاداشتەکەشی نەکەن، نمونەی لەم جۆرە خەرمانێکە حکومەتی فاشستی تورکیا، حکومەتی فاشستی بەعس، حکومەتی فاشستی ئیسلامی ئێران، ئەمرۆ شانسی ئەوەیان هێناوە کە پێش لەشکری بۆ ئەمەریکا بکەنو هیوایان بۆ ڕۆژێکی ئاوا دەخوارد.**

**ئەوان عادەتیانە، بۆیە خەریکن، ئەم مەسەلەیە بەوە چارەسەر بکەن کە " خەسارەت"یان بۆ بژمێرن، لای ئەوان ئەمە هەڵەی هاوپە یمانی خۆیانە.**

**بەلام بۆ خەڵکی کوردستان مەسەلەیەك هێجگار گرینگە، لە پەیوەند بەم هێرشەی ئەمەریکاوە، ئەویش ئەوەیە کە چەند ساڵە ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیو یەکێتیو پارتی خەڵکی کوردستان بەوە بێهۆش دەکەن کە ئەمەریکا پشتیوانیانە، ئەمەریکا دیمکراتی دەهێنێو خەڵك رزگار دەکات، وە تەواوی ئیستراتیژی ئەم دوو حیزبە بوە بەوەی کە پێش لەشکری بۆ ئەمەریکا بکەنو سیاسەتەکانی ببەنە پێشەوەو خەلکیش لەسەر ئەم پرۆپاگەندانە بار بهێنن. ئەوەنیە بە هەموو تواناى خۆیانەوە لە ڕێگای بەناو هەڵبژاردنەوە کوردستان ئیلحاق دەکەنەوە بە عێراقەوە، ئەوەنیە، فێل لەخەڵك دەکەنو دەنگیان پێدەدەن بۆئەوەی کوردستان ئیلحاق بکەنەوەو خەڵکەکەشی تەسلیم بە حکومەتی کۆنە پەرستی ئیسلامیو قەومپەرستو تائیفە پەرستی عێراق بکەنەوە. نمونەی کولن پاول لە هەلەبجە نمونەیەکی ڕۆشنی هەلسو کەوتی ئەم دووحزبەیە، ئەمەریکاو**

کۆلن پاولێك كه خۆی یەكێك بوه لەو كەسانەی كه ڕیگا بگرێت لەوەی باسی كیمیایی بارانی هەلەبجە بكرێتەوە لە كۆنگرێسی ئەمەریكی‌دا، كەچی سەرانی هەردوو حیزبی بە خەمخۆری خەلكی هەلەبجەی دەناسێنن، رامسفێلدی تاوانباری جەنگ‌و پێشكەشكەری چەكی كیمیایی بە صدام حسین بە جەنگاوەری رزگاری دەناسێنن‌و.... ئەم هێرشەی ئەمەریكا بۆ سەر گەرەكی سەیداوا پێویستە هەموو ئەم خۆشخەیاڵیانە لە نێو خەڵكدا بڕەوێنێتەوەو ڕوحیەتی ناڕەزایەتی بەڕووی بونی هێزەكانی ئەمەریكا لە كوردستان‌و عێراقدا بەرزبكاتەوەو خواستی چونە دەرەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لەكوردستان ببێتە خواستێكی هەمەگیری خەلك. دەبێت ئەوە ڕۆشن بێت بۆ خەڵكی كوردستان كە ئەمەریكا سیاسەت‌و ئیستراتیژی تایبەت بەخۆی هەیەو هیچی پی‌ْنیه بۆ خەڵكی كوردستان‌و مەسەلەی كوردی كردۆتە مقاشێك بەدەستیەوەو بە پی‌ْی سیاسەتەكانی خۆی بەكاریدەهێنێت، نەك لەگەڵ ویستی خەڵكی كوردستاندا نیە، بەڵكو لەگەل " فیدرالیەتی" دۆستەكانی !! خۆشیدا نیەو گەمەیان پی‌ْدەكات. دەرسێك كە پێویستە خەڵكی كوردستان لەم ڕوداوانە وەربیگرێت، ئەوەیە كە هەتا زوە خۆیان رزگار بكەن لە " ئەحزابی كوردی لە گەمەی ئەمەریكیدا" رێگای ئەوەش تەنها جیا كردنەوەی خۆیانە لە ڕیزەكانی ئەم حیزبانە، بۆ ئەوەی مێژوو نوسێك ئەمجارەیان جورئەت نەكات بنوسێت" كورد لەگەمەی ئەمەریكیدا" بەڵكو بنوسێت" یەكێــی‌و پارتی لەگەمەی ئەمەریكیدا".